پاپای ڤاتیکان سەرخۆشی ئاراستەی قوربانییانی رووداوەکەی حەمدانییە کرد

پاپای ڤاتیکان لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی ڤاتیکانەوە، پرسە و سەرخۆشی ئاراستەی کەسوکاری قوربانییانی رووداوەکەی حەمدانییە کرد و پاڵپشتی خۆی بۆیان دووپاتدەکاتەوە.

لە پەیامەکەیدا پاپا فرانسیس پرسە و سەرخۆشی خۆی ئاراستەی کەسوکاری قوربانییانی رووداوە کارەساتبارەکەی حەمدانییە دەکات و هاوسۆزی و پاڵپشتی خۆی بە کەمەڵەی سریانی و قوربانییانی رووداوەکە دووپاتکردەوە.

پاپا فرانسیس لە نامەیەکدا، جەخت لە گرنگی یەکگرتن و میهرەبانی و ئارامگرتن دەکاتەوە.